مان یونایتد بە نیوکاسل دۆڕا و مائناوایییکرد لە جامی کاراباو

لە قۆناغی 16ی جامی کاراباو، یانەی مانچستەر یونایتد لە یاریگای ئۆلد ترافۆرد میوانداری یانەی نیوکاسل یونایتدی کرد. لە تایمی یەکەمدا، یاریزانانی نیوکاسل باشتر بینران و دوو گۆڵیان لە ڕێگای ئۆلمیرۆن و لویس هال تۆمارکرد لە خولەکانی 28 و 36. لە تایمی دووەمدا و لە خولەکی 60 ویلەک گۆڵی سێیەمی نیوکاسلی کرد و سەرئەنجام یاریکەریان بە سێ گۆڵی بەبەرامبەر بردەوە. بەو ئەنجامە، مانچستەر یونایتدی پاڵەوانی وەرزی رابردوو مائناوایییکرد لە جامی کاراباو، نیوکاسلیش سەرکەوتنی بە قۆناغی چارەکی کۆتایی بەدەستهێنا.